# شەونم

هۆنراوەی (75)

خرم آنروز کزين منزل ويران بروم

خۆزگە بەو رۆژە کە لەو مەنزڵە وێرانە دەڕۆم
وەکوو مەل لەو قەفەز و دانە بەرەو لانە دەڕۆم
گەرچی لەو رێ یە دەزانم کە غەریب نابەڵەدە
من بە بۆنی سەری ئەو زولفە پەرێشانە دەرۆم
وەکووبا بەو لەشی بیمار و دڵی بێ تاقەت
بە هەوای قامەتی ئەو سەروی خەرامانە دەڕۆم
دڵ لە زیندانی سکەندەر وەڕەزە رزگار بم
تاکوو ئەوچی یە کەوا مڵکی سولەیمانە دەڕۆم
ئەوی سووکبارە خەمی حاڵی گرانباری نیە
من بەهۆی هیممەتی پیرانە مریدانە دەڕۆم
گەربەسەر وەک قەڵەمێ رێگە بڕۆم بۆلای ئەو
بەو برینی دڵ و بەو دیدەیی گریانە دەڕۆم
شەرتە کردوومە ئەگەر لەوخەمە دەرچم رۆژێ
بە شێعر خوێندنەوە تادەری مەیخانە دەڕۆم
بەهەوای چاوی بەرەخسین و سەما وەک زەڕڕە
تاکوو سەرچاوەیی ئەو خۆرە درەخشانە دەڕۆم
گەروەکوو حافزی لەو دەشتە نەشێ رێ دەرکەم
لە گەڵ ئەو بار وبنەی ئاسەفی دەورانە دەڕۆم

حافزی حەقیقی